هۆکارێک بەدی ناکرێ بۆ گۆڕینی شۆستە

ئاگۆتا کریستۆف
لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی
(سویسرا)



لە نێو زەردەپەڕی لاسەنگ بوودا
مەلێکی ئازاد دەفڕێ لەولاڕا
لەسەر عەرز تەنیا چاندن هەیە
بێدەنگی قوولْ و
چاوەڕوانی
تاقەت بڕ

دوێنێ هەموو شتێ جوانتر بوو
مۆسیقای نێو دارەکان
شنەی نێو بسکەکانم و
لە نێو دەستە ئاواڵاکانی تۆیشدا
خۆر

ئێستا بەفرە دادەکاتە سەر مژۆڵم
جەستەم
قورسە وەک گابەردێ
لێ هۆکارێ بەدی ناکرێ بۆ گۆڕینی شۆستە
هۆکارێکیش بەدی ناکرێ
لە بۆ ڕووکردنە چیاکان.

گیا

دەمێک بوو ژاکابوو، شکابوو
لە نێو بەردە واز لێ هێنراوەکاندا دەمناسی
چاوی بە ژیان هەڵێنابوو
چونکە دەیویست تاق و تەنیا بژی و
ڕاکە ڕاکی هەورە پۆپە زێڕینەکان ببینێ

ڕۆژی دواتر کاتی نیوەڕۆ
خۆر بە چاوە ئاگرینەکانی نیگایەکی دزێوی تێ بڕی
برسێتی بڕستی لێ بڕی، بەڵادا هات و مرد

ئەوسا با لە ناخی دڵ و
بە هێمنی لاواندییەوە

چاوەڕێت بووم

لە کۆتایی ڕێگە چاوەڕێت بووم لە ژێر باران
سەرم داخستبوو، دەڕۆیشتم، تەنانەت وەک بڵێی
تۆشم دەبینی
بەڵام نەمدەتوانی دەستەکانت بگوشم

چاوەڕێت بووم لەسەر کورسییەک

سێبەری چەند دارێ کەوتبووە سەر تراوکەی فێنکەوەبوو
وەک نسێکەت ئەو کاتانەی هێدی هێدی نزیک
دەبوویتەوە

چاوەڕێت بووم جارێک لەسەر دوندی چیا
لقەکان قرچەیان دەهات ئەو کاتەی وا
لە پێش ڕوخسارت لا تدەدان و پێت دەگوتم ناتوانی
بمێنیتەوە

لە بەستێنا چاوەڕێت بووم گوێم بە خاکەوە نووساندبوو
تەپەی هەنگاوەکانتم بیست
لە نێو لمی نەرم، پاشان بێ دەنگییەک زاڵ بوو

چاوەڕێت بووم کاتێ شەمەندەفەرەکان لە دوورەوە هاتن
و
مرۆڤەکان هەموویان چوونەوە ماڵێ
تۆ لە پەنجەرەڕا دەستت بۆ ڕاوەشاندم شەمەندەفەرەکە
ڕانەوەستا

تەمووز

تەنووری هاوینەی ڕەنگین لەسەر چیمەن
داری سەیر بە ڕەنگی مۆر
پژانی شۆقی ئاماڵ قاوەیی بەسەر جادەی زەرد و
وەک لەچکەی سەر کیژۆڵەی بەژن زرافێش
شەپۆلی غەمباری سووکەڵە هەورەکان

ئاگات لێیە لەم ساتەدا ئێمە تەنانەت لێرە نین
تەنیا خەونە بەم دیمەنەوە دەبینین
لەسەر چیمەنی مێرگوزارەکانی جاران ڕاکشاوین
ئەو شوێنەی جووتێرەکان بە شێنەیی دروێنەیان دەکرد و
گوڵە چاوێشەکان دەکەوتن و دەمردن

بۆ "پێرسینێ"

جەستەت
چاوە سوورەکانت
گوڵەکەت
پەڕە هەڵوەریوەکانی
قیژاندت
گریای
بە نێو دارستاندا ڕات کرد
لەوێوە گوڵێکت بۆ هێنام
سادە
سپی
تاقانە
گەر ئینجیلێکم هەبوایە
گوڵە وشکبووەکەی تۆم دەخستە نێو لاپەڕەکانی و
هەڵمەدەگرت.

نا بۆ مردن...

نا بۆ مردن
جارێ نا
زووە چەقۆ
زووە ژار، زووە زوو
خۆمم خۆش دەوێ هێشتاش
دەستەکانم خۆش دەوێ کە جگەرە دەکێشن
کە دەنووسن
کە جگەرە دەگرن
قەڵەم دەگرن
پەرداخ دەگرن.
دەستەکانم خۆش دەوێ کە دەلەرزن
کە هێشتاش خەریکی خاوێن کردنەوەن
کە دەبزوێن
نینۆکەکان ئێستاش دەڕوێن
دەستەکانم
چاویلکەکەم لە جێی خۆی دادەنێنەوە
تا بنووسم.

ئاگۆتا کریستۆف، ژنە نووسەر، شاعیر، ڕۆمانnووس و شانۆنامەنووسی سویسری بەڕەگەز هەنگاری، ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٣٥ لە گوندی "ژیسکڤاند"ی هەنگاریا لەدایک بووە. لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، پاش ئەوەی شۆڕشی ١٩٥٦ی هەنگاریا لە لایەن سۆڤیەتەوە تێک شکێنرا، لەگەڵ میردەکەی و منداڵە چوار مانگەکەی هەنگاریایان بەجێهێشت و لە بەشی فەڕەنسی زمانی سویسرا، لە شاری "نۆشاتێل" گیرسانەوە. ئاگۆتا، لەو شارە بچووکەی سویسرا، ڕۆژانە لە کارگەیەکی سەعاتسازی ئیش دەکا و شەوانە خەریکی نووسین دەبێ. دوای فێربوونی فەڕەنسی، زمانی ئاوارەیی و غوربەت، زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی بەو زمانە دەنووسێ.

ئاگۆتا کریستۆف بە شیعر و شانۆنامە دەستی بە نووسین کردووە و بە ڕۆمان بەردەوام بووە. هەندێک لە کتێبەکانی بریتین لە:

- دەفتەری گەورە، ڕۆمان، (١٩٨٦).
- بەڵگە، ڕۆمان، (١٩٨٨).
- سێهەم درۆ، (١٩٩١).
- دوێنێ، ڕۆمان، (١٩٩٥).
- نەخوێندەوار، ژیاننامە، (٢٠٠٤).
- جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە (کۆمەڵە چیرۆک - ٢٠٠٥).
- تۆ لە کوێی ماتیاس؟ شانۆنامە (٢٠٠٦).

ئاگۆتا کریستۆف، ساڵی ٢٠١١ لە شاری نۆشاتێل کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە:

- Agota Kristof, Clous, Zoé, 2016.